# روونكردنەوەیەك بۆ ئاشكراكردنی راستییەكان :

ئەوەی خوارەوە دەقی چاوپێكەوتنێكە كە لەگەڵ نەقیبی سەندیكای پارێزەران و ئەندامێكی ئەو ئەنجوومەنە بلاٚوكراوەتەوە

**رێبوار محمد**

## نەقیبی سەندیكای پارێزەران ونوێنەری یەكێتی دەڵێن ؛ هیچ سەرپێچییەک روینەداوەو هاوكێشەی هەڵبژاردنیش نەگۆڕاوە ..



لەپاش بڵاوبونەوەی چەند هەواڵێک سەبارەت بەهەوڵی چەند فەرمانبەرێکی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی سەرپێچی و دروستکردنی ناسنامە بەشێوەی نایاسایی ، هەریەک لەکاکە رەش نەقشبەندی نەقیبی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و ئەحمەد عەبدوولاٚ نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەندیکای پارێزەران رەتیان کردەوە هیچ خروقات و سەرپێچی و کارێکی نایاسی روویدابێت. نەقیبی سەندیکای پارێزەران گوتی :رۆژی هەینی چەند فەرمانبەرێکی سەندیکا هاتونەتەوە بۆ نوێکردنەوەی ناسنامەی ئەندامان و ئەم فەرمانبەرانە لەبەرئەوەی کاتی تر پرسیان بەمن کردوە بۆ ئەم هاتنەوەیە لەبەر ئەوە ئەمجارە بەپشت بەستن بەمۆڵەتی پێشوویان کە لە منیان وەک نەقیب وەرگرتوە هاتونەتەوەو کاری ئاسایی خۆیان کردوە ، هەندێک لەئەندامانی سەندیکا کەهەواداری یەکێتین ئەمەیان کردوە بەهەلاٚو دەڵێن هاتنەوەی ئەم فەرمانبەرانە نائاساییە لەکاتێکدا ئێمە سەندیکاین و دەوامان پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە نەک هیچ فەرمانگەیەک ، ئەوکاتەشی هەواڵیان بەمنداو پرسییان لەوەی کەمن ئاگادارم لەهاتنەوەیان بەراستگۆیی پێم گوتن کەئاگام لێ نیەو دەستبەجآ دەرگای سەندیکامان داخست و فەرمانبەرەکان رۆیشتنەوە، خۆگەر شتێک هەبوایە دەمتوانی بڵێم کەمن ئاگادارم و شتەکە بشارمەوەو کۆتایی پێ بهێنم ، بەلاٚم من بەراستگۆیی لەگەڵیان جووڵامەوە .

لەپەیوەست بەهەمان حاڵەت **ئەحمەد عەبدوولاٚ ئەندامی سەندیکاو نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەندیکای پارێزەرانی کوردستان** گوتی من بەم کۆنگرەیەوەکەئێستا ئامادەیی بۆدەکەین سێیەمین کۆنگرەی سەندیکایە بەشداری تێدادەکەم ، هەموو ساڵێک لەمانگەکانی 1و2 دا بەهۆی نوێکردنەوەی ناسنامەی ئەندامانەوە فشارێکی زۆرمان لەسەر دروست دەبێ چونکە 4500 ئەندامەمان هەیەو ئەم ئەندامانە دەبآ ناسنامەکانیان نوآ بکەنەوەو وەک دیاریشمان کردوە ئەگەر ئەندامان دوابکەون لەنوآ کردنەوەی ناسنامەکانیان ئەوە غەرامەدەکرێن ، رۆژانی سێ شەممەو چوارشەممەو پێنج شەممە پشوو بوو هەینیش دەوام نەبوو بۆیە هاتنەوەی ئەو فەرمانبەرانە بۆ ئەوەبوە کە ناسنامەی ئەو ئەندامانە نوێ بکەنەوەو بەرسزادان نەکەون. نوێنەری یەکێتی لەسەندیکا ئەوەشی روون کردەوە کەهاتنەوەی ئەو فەرمانبەرانە زۆر ئاساییە چونکە وەک ئەو دەڵێَ ئێمە سەندیکاین و بەپێی کارەکانمان دەوام دەکەین ، خۆهاتنەوەی ئەو فەرمانبەرانە بۆدروستکردنی ناسنامەی نوی نەبوو بەڵکە بۆنویکردنەوەی ناسنامە کۆنەکمان بوەو ئەمەش هیچ کارێک ناکاتە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن .

# رِوونكردنەوەيەك بۆ ئاشكراكردنى راستييەكان :

ئەوەی خوارەوە دەقی چاوپێکەوتنێکە کە لەگەڵ نەقیبی سەندیکای پارێزەران و ئەندامێکی ئەو ئەنجوومەنە بلاّوکراوەتەوە

**رێبوار محمد**

## نەقیبی سەندیکای پارێزەران ونوێنەری یەکێتی دەلێن ؛ هیچ سەرپێچییەک روینەداوەو هاوکێشەی هەڵبژاردنیش نەگۆڕاوە ..



لەپاش بڵاوبونەوەی چەند هەواڵێک سەبارەت بەهەوڵی چەند فەرمانبەرێکی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی سەرپێچی و دروستکردنی ناسنامە بەشێوەی نایاسایی ، هەریەک لەکاکە رەش نەقشبەندی نەقیبی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و ئەحمەد عەبدوولڵا نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەندیکای پارێزەران رەتیان کردەوە هیچ خروقات و سەرپێچی و کارێکی نایاسی روویدابێت.

نەقیبی سەندیکای پارێزەران گوتی :رۆژی هەینی چەند فەرمانبەرێکی سەندیکا هاتونەتەوە بۆ نوێکردنەوەی ناسنامەی ئەندامان و ئەم فەرمانبەرانە لەبەرئەوەی کاتی تر پرسیان بەمن کردوە بۆ ئەم هاتنەوەیە لەبەر ئەوە ئەمجارە بەپشت بەستن بەمۆڵەتی پێشوویان کە لە منیان وەک نەقیب وەرگرتوە هاتونەتەوەو کاری ئاسایی خۆیان کردوە ، هەندێک لەئەندامانی سەندیکا کەهەواداری یەکێتین ئەمەیان کردوە بەهەڵاو دەڵێن هاتنەوەی ئەم فەرمانبەرانە نائاساییە لەکاتێکدا ئێمە سەندیکاین و دەواممان پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە نەک هیچ فەرمانگەیەک ، ئەوکاتەشی هەواڵیان بەمنداو پرسییان لەوەی کەمن ئاگادارم لەهاتنەوەیان بەراستگۆیی پێم گوتن کەئاگام لێ نیەو دەستبەجآ دەرگای سەندیکامان داخست و فەرمانبەرەکان رۆیشتنەوە، خۆگەر شتێک هەبوایە دەمتوانی بڵێم کەمن ئاگادارم و شتەکە بشارمەوەو کۆتایی پێ بهێنم ، بەڵام من بەراستگۆیی لەگەڵیان جووڵامەوە .

لەپەیوەست بەهەمان حاڵەت **ئەحمەد عەبدوولڵا ئەندامی سەندیکاو نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەندیکای پارێزەرانی کوردستان** گوتی من بەم کۆنگرەیەوەکەئێستا ئامادەیی بۆدەکەین سێیەمین کۆنگرەی سەندیکایە بەشداری تێدادەکەم ، هەموو ساڵێک لەمانگەکانی 1و2 دا بەهۆی نوێکردنەوەی ناسنامەی ئەندامانەوە فشارێکی زۆرمان لەسەر دروست دەبێ چونکە 4500 ئەندامعان هەیەو ئەم ئەندامانە دەبآ ناسنامەکانیان نوآ بکەنەوەو وەک دیاریشمان کردوە ئەگەر ئەندامان دوابکەون لەنوآ کردنەوەی ناسنامەکانیان ئەوە غەرامەدەکرێن ، رۆژانی سێ شەممەو چوارشەممەو پێنج شەممە پشوو بوو هەینیش دەوام نەبوو بۆیە هاتنەوەی ئەو فەرمانبەرانە بۆ ئەوەبوە کە ناسنامەی ئەو ئەندامانە نوێ بکەنەوەو بەرسزادان نەکەون. نوێنەری یەکێتی لەسەندیکا ئەوەشی روون کردەوە کەهاتنەوەی ئەو فەرمانبەرانە زۆر ئاساییە چونکە وەک ئەو دەڵێ ئێمە سەندیکاین و بەپێی کارەکانمان دەوام دەکەین ، خۆهاتنەوەی ئەو فەرمانبەرانە بۆدروستکردنی ناسنامەی نوی نەبوو بەڵکە بۆنویکردنەوەی ناسنامە کۆنەکمان بوەو ئەمەش هیچ کارێک ناکاتە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن .